# کرۆنۆلۆژیای پەڕلەمان لە مێژووی کوردستاندا

## هاوڕێ باخەوان

گەڕان بەدوای: (پەڕلەمان)دا
هاوڕێنامە [216] تۆماری دۆزییەوە.

1924 هۆزانەوان ئەحمەد موختار جاف بووە نوێنەر لە پەڕلەمانی ئێراقیدا. (2773)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - مێژوو، ئەدەب، زانیاری - ئێراق - 1952. لاپەرە: 502

1925-02-25 ئەنجوومەنی گشتیی پەڕلەمانی تورکی، بڕیارێکی تایبەتی بە ژمارە 556، بۆ سزادانی شێخ سەعید و شۆڕشگێران دەردەکات. (2854)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - ژ45 - مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن - مارتی 1994. لاپەرە: 5

1925-02-26 کۆبوونەوەی پەڕلەمانی تورك، بە هۆی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدەوە، نوێنەری شاری ئەرزەرۆم ئەوەی ڕاگەیاند کە بیانیان دەستیان لە هەڵگیرسانی ئەم ڕاپەڕینەدا هەیە. (2856)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - ژ45 - مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن - مارتی 1994. لاپەرە: 6

1925-03-10 حکومەتی تورك داوای لە پەڕلەمانی تورکیا کرد، کە ڕێگای بدەن 10 ملیۆن لیرە لە دژی شۆڕشی باکوور خەرج بکات. (2865)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا - مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا - وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی - چاپی یەکەم - چاپخانەی کارون - تاران - 1369ی هەتاوی. لاپەرە: 150

1929-02-00 ئەو شەش نوێنەرە کوردەی کە لە ئەنجوومەنی پەڕلەمانی ئێراقیدا ئەندام بوون، داوایان لە سەرۆك وەزیران کرد کە چەند داوایەکیان بۆ بهێنێتە دی لەوانە: زۆرکردنی خەرجیی مەعاریفی کوردستان و چاکردنی دابەشکردنی کارگێریی شارەکان و ... (3023)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز - الامير الكردي مير محمد الراوندزي، الملقب ب(ميري كوره) - مساهمة عملية في دراسة التاريخ الكردي علي صفحة مراة الشواهد و الادلة الشرقية و الغربية - اطروحة دكتوراه - ترجمها من الالمانية الي العربية: فخري سلاحشور - من منشورات الاكادمية الكردية للعلم لاپەرە: 249

1930-04-00 ئەحمەد عوسمان بووە ئەندامی پەڕلەمانی ئێراقی، کە کوردێکی هەولێری بوو. (3056)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد - لسان حال الحزب الديمقراطي الكردي في لبنان "البارتي" - نصف شهرية - العدد 27 - لندن - 24-2-1997. لاپەرە: 7

1932-05-05 د.ت، بە ڕەسمی ڕایگەیاند کە یاسایەك لە پەڕلەمانەوە دەرچووە، ڕێگا بە تورك دەدات کە کورد لە باکووردا ڕابگوازێت و هەرچی دیاردەیەکی کوردەواری هەیە تێیدا بسڕێتەوە. (3167)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی - ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - ژ94 - هەولێر - 24-10-1993. لاپەرە: 8
سەرچاوەی 2, پەرتووکی عەرەبی: باسیل نیکیتین - الاكراد، اصلهم، تاريخهم، مواطنهم، عقائدهم، عاداتهم، ادابهم، لهجاتهم، قبائلهم، قضاياهم، طرائف عنهم - قدم له المستشرق الشهير لويس. لاپەرە: 188
سەرچاوەی 3, پەرتوکی کوردی: دوکتۆر ئەورەحمان قاسملۆ - کوردستان و کورد - لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری - بەغداد - 1973. لاپەرە: 67
سەرچاوەی 4, پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا - مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا - وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی - چاپی یەکەم - چاپخانەی کارون - تاران - 1369ی هەتاوی. لاپەرە: 176

1939-06-00 ئەحمەد عوسمان بووە نوێنەری شاری هەولێر، لە پەڕلەمانی ئێراقیدا. (3346)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد - لسان حال الحزب الديمقراطي الكردي في لبنان "البارتي" - نصف شهرية - العدد 27 - لندن - 24-2-1997. لاپەرە: 7

1939-06-00 ئەمین ڕەشید ئاغا بووە نوێنەری کەرکوك، لە پەڕلەمانی ئێراقیدا. (3347)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد - لسان حال الحزب الديمقراطي الكردي في لبنان "البارتي" - نصف شهرية - العدد 29 - لندن - 24-3-1997. لاپەرە: 7

1946-12-10 کۆچی دوایی ئەحمەد عوسمان لە بەغداد، نێوبراو نوێنەری شاری هەولێر بوو لە پەڕلەمانی ئێراقیدا. (3614)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد - لسان حال الحزب الديمقراطي الكردي في لبنان "البارتي" - نصف

شهرية - العدد 27 - لندن - 24-2-1997. لاپەڕە: 7

1947 کاکە زیاد، بە نوێنەری کۆیە، لە پەڕلەمانی ئێراقدا هەڵبژێردرا. (3634)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: خەرمانە - گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 - سوید - ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە: 14

1947-11-00 بە پێی بڕیارێکی پەڕلەمانی ئێرانی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران لە یەکێتی سۆڤیەت سەندرایەوە. (3662)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار طاهر شريف - الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الکردية في نصف قرن 1908 - 1958 - الطبعة الاولى - شرکة المعرفة للنشر و التوزيع - بغداد 1989. لاپەڕە: 272

1948 کاکە زیاد وازی لە ئەندامی پەڕلەمانێتیی ئێراقی هێنا. (3678)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: خەرمانە - گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 - سوید - ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە: 14

1950 هەڵبژاردنی پەڕلەمانی تورك. (3724)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی هۆڵندی: Wereldgeschiedenis in jaartallen ،Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium، Uitgeverij Het Spectum BV - Zevende druk - 1988. لاپەڕە: 180

1952 پیادەکردنی هەڵبژاردنی پەڕلەمان لە ئێران، کە نوێنەری شاری مەهاباد سادق وەزیری بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرا، ئەمە وای لە ڕژێمی تاران کرد کە نوێنەرێکی خۆی لە تارانەوە بۆ شاری مەهاباد بهێنێت. (3765)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار طاهر شريف - الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الکردية في نصف قرن 1908 - 1958 - الطبعة الاولى - شرکة المعرفة للنشر و التوزيع - بغداد 1989. لاپەڕە: 273
سەرچاوەی 2, پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel - Dossier Koerdistan -Tweede druk - juli 1991 - Brussel. لاپەڕە: 61
سەرچاوەی 3, پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا - مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا - وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی - چاپی یەکەم - چاپخانەی کارون - تاران - 1369ی هەتاوی. لاپەڕە: 294

1958-05-00 زەید ئەحمەد عوسمان بووە نوێنەری شاری هەولێر لە پەڕلەمانی ئێراقیدا. (3953)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد - لسان حال الحزب الديمقراطي الکردي في لبنان "البارتي" - نصف شهرية - العدد 27 - لندن - 24-2-1997. لاپەڕە: 7

1974 کۆمەڵەی کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل بووە ئەندامی پەڕلەمانی ئیسرائیل. (4530)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد - ژمارە 22 - سوید - هاوینی 1994. لاپەڕە: 66

1979 پکك هەوڵیدا، محەمەد جەلال بوچاك بکوژێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، ناوبراو ئاغایەکی دەستەڵاتداری نێوچەی سیڤەرك و ئەندامی پەڕلەمانی تورکیا بوو. (4791)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن - ئاغا و شێخ و دەوڵەت - کوردۆ، لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی - بەرگی یەکەم - چاپخانەی ڕۆژ - سوید - 1996. لاپەڕە: 440

1981-04-00 پەڕلەمانی ئەوروپا ڕەخنەیەکی توندو تیژی لە د.ت گرت بەوەی کە مافی مرۆڤ ناپارێزێت. (4962)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی هۆڵندی: Wereldgeschiedenis in jaartallen ،Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium، Uitgeverij Het Spectum BV - Zevende druk - 1988. لاپەڕە: 181

1981-11-00 پەڕلەمانی ئەوروپا بەهۆی کارە نامرۆڤانەکانی د.ت وە، یارمەتییە ئابوورییەکانی بۆ تورکیا وەستاند. (4984)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی هۆڵندی: Wereldgeschiedenis in jaartallen ،Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium، Uitgeverij Het Spectum BV - Zevende druk - 1988. لاپەڕە: 181

1983-11-06 پارتی دایکی نیشتمانی تۆرگوت ئۆزال لە تورکیا، لە هەڵبژاردنەکانی پەڕلەماندا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا. (5095)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی هۆڵندی: Wereldgeschiedenis in jaartallen ،Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium، Uitgeverij Het Spectum BV - Zevende druk - 1988. لاپەڕە: 181

1986 7 پەڕلەمانتاری کوردی باکوور بۆ کۆنفرانسی مافی مرۆڤ لە پاریس بانگهێشتن کران. (5209)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 1 - خولی پێنجەم - 25-03-1995 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەڕە: 3

1987-04-09 پەڕلەمانی ئەوروپی، بڕیاری ناڕەزایی خۆی لە بارەی گرتن و ئازاردان و شەهیدکردنی 300 منداڵ و لاوی سلێمانی دەرکرد و لە هەمان بڕیاردا سەرنجی د.ق بۆ ئەوە ڕاکێشا کە بەردەوامبوونی ئەو جۆرە کارانە دەگەنە ئەنجامی خراپ لە پەیوەندیی ئێراق و وڵاتانی ئەوروپادا. (5258)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە - ژ80 و81 - لەندەن - مایی 1997. لاپەڕە: 15

1987-09-29 هـەڵبژاردنـی پـەڕلـەمـان لـە تورکـیادا، کـە پارتی دایکی نیشتمان، زۆرینەی بە دەسـت هێنا و تۆرگۆت ئۆزال بووە سـەرۆك وەزیران. (5281)
سـەرچاوەی 1, پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel - Dossier Koerdistan -Tweede druk - juli 1991 - Brussel. لاپەرە: 44

1991 هەڵبژاردنی گشتی لە تورکیا، کە پارتی هەپ نزیکەی لەسـەدا 50 دەنگی باکووری کوردسـتانیان هێنا و 18 کەسـیان بوونە ئەندامی پەڕلەمانی تورکیا. (5384)
سـەرچـاوەی 1, گـۆڤاری کـوردی: دلانپار - ژ - 1 - خولـی پێـنجەم - 25-03-1995 - دەنگـی کـۆمیتەی ئاشـتی و پشـتگیری نیشتمانی کوردسـتان - فینلاند. لاپەرە: 3

1991-07-20 کـۆمەڵـەی هاوکـاری بڵاوکـراوەیـەکـی بـە ئـەڵمانـی لـەسـەر هێرشـی تورك بۆ باکووری.ك، بڵاوکردەوە. هەروەها بڵاوکراوەیەکی تری بە کوردی و ئەڵمانی لەسـەر هەڵبژاردنی پەڕلەمانی فیدراڵیی کوردسـتان، بڵاوکردەوە. (5462)

1991-09-18 وەفدی پەڕلەمانی ئەوروپا سـەردانی مەکتەبی سیاسـیی ینکی کرد. (6789)
سـەرچـاوەی 1, سـەرچـاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سـەروەری - کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان - 1975 - 2000 - کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

1991-10-00 لەیلا زانا، بە ئەندامی پەڕلەمانی تورکیا و نوێنەری شاری دیاربەکر هەڵبژێردرا. (5475)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - ژ51 - مەڵبەندی ڕۆشـنبیریی کورد لە لەندەن - سـێپتیمبەری 1994. لاپەرە: 3

1992 هـەنـدێك لـە ڕێکخـراوەکـانـی ئافـرەتـان، لـە باشـووری.ك، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان دەربارەی یاسـاکانی سـزا و بارودۆخی تایبەتی، پێشـکەشـی پەڕلەمان کرد. (5510)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الشيوعية العمالية - العدد 8 - نيسان 1996. لاپەرە: 2

1992 پەڕلەمانی باشـووری.ك، بڕیاری شـەڕکردنی لە دژی پکك دەرکرد. (5497)
سـەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1992-05-19 هەڵبژاردنی پەڕلەمان و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە باشـووری.ك، کە 105 نوێنەر بۆ ئەنجوومەنی نیشـتمانی کوردسـتان هـەڵبژێـردرا، ئـەو هـەڵبـژاردنە لـەسـەر بنچـینـەی سیسـتمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بوو، کە لەسـەدا 7 کەمتر نـەبێت، لـە ئـەنجامـدا پـدك لەسـەدا 50،8 و ینك لەسـەدا 49،2ی دەنگەکانیان هێنا و پاشـان ئەو دەنگانەیان لە پەڕلەماندا نیوەبەنیوە دابەشـکرد، شایانی باسـە کە کەس بۆ ڕابەرایەتی هەڵنەبژێردرا. (5536)
سـەرچـاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 14

1992-06-17 کۆمەڵەی هاوکاری نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ پەڕلەمانی باشـووری.ك نارد. (5542)

1992-07-15 دەرچوونـی بـڕیاری ژمـارە 1، لـەلایـەن پـەڕلـەمـانـی باشـوورەوە، کـە بـەو پێـیە تەواوی کۆنترۆڵەکان و هێزەکانی ئاسایشـی نێوخۆ، دەچنە ژێر ڕکێفی وەزارەتی نێوخۆوە. (5546)
سـەرچـاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 29

1992-07-29 دەرکردنـی بـڕیاری ژمـارە 3، لـەلایـەن پـەڕلـەمـانـی باشـووری.ك، کە بەو پێیە ئەوانەی کە لەلایەن د.ق، لەسـەر کاروباری سـەربازی و پۆلیسـی دەرکراون، دەگەڕێنەوە سـەر پیشـەکانی خۆیان. (5549)
سـەرچـاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 28

1992-08-31 پـەڕلـەمـانـی باشـووری.ك، بڕیاری ژمارە 11ی دەرکرد، کە بەهۆیەوە ئەو یاسا و بڕیارانەی ئێراقی پووچەڵ کردەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلی کوردسـتاندا ناگونجێت. (5554)
سـەرچـاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 46

1992-09-15 دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی پەڕلەمان، کە ئۆرگانی پەڕلەمانی باشـووری.ك. (5556)
سـەرچـاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 168

1992-10-01 دەرکردنـی یاسـای وەزارەتـی کاروبـاری هێـزەکـانـی پێشـمـەرگـە، ژمـارە 5ی سـاڵـی 1992، لـەلایەن پەڕلەمانی

باشووری.ک. (5569)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 28

1992-10-01 دەرکردنی یاسای پاراستنی بێگانە و کارمەندانی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی ئێراق، ژمارە 6ی ساڵی 1992، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ک. (5570)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 71

1992-10-04 پەرلەمانی باشووری.ک، جاری کوردستانی فیدراڵ و هێرش بۆسەر هێزەکانی پککیدا. (5571)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 166
سەرچاوەی 2, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 3 و 4 - خولی پێنجەم - 25-12-1995 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینڵاند. لاپەڕە: 30
سەرچاوەی 3, گۆڤاری عەرەبی: هە فوت - مجلة الحركة الثقافية الكردية - العدد 4 - سويسرا - ايلول 1994. لاپەڕە: 8

1992-11-14 پەرلەمانی باشووری.ک، بڕیاری ژمارە 35ی دەرکرد، کە بەو پێیە دادگای تایبەتیی شۆڕشی لابرد. (5579)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 41

1992-11-21 دەرکردنی یاسای وەزارەتی دادپەروەری، ژمارە 12ی ساڵی 1992، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ک. (5583)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 46

1992-11-26 دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی باشووری کوردستانەوە. (7422)

1992-12-18 بەستنی هەفتەی ڕۆشنبیری لە هەولێر، کە یەکێك لە چالاکییەکانی بەستنی کۆڕێکی بیری بوو، دەربارەی کێشەی ئافرەت، کۆڕەکە تایبەت بوو بۆ پەری - ئەندامی پەرلەمان، د. شوکریە ڕەسوڵ، پەخشان - دایکی بەهار و کەژاڵ ئەحمەد. (5592)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: خەرمانە - گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە - ژ9 و 10 - سوید - 1993. لاپەڕە: 61

1993-03-13 دەرکردنی یاسای ژمارە 8، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ک، کە بەو پێیە ئەو ئەفسەرە کۆنانەی سووپای د.ق، لە هێزەکانی پێشمەرگەدا خزمەت بکەن، بەمەرجێك لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد کاریان نەکردبێت. (5640)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 28

1993-03-27 دەرکردنی یاسای وەزارەتی نێوخۆیی، ژمارە 9ی ساڵی 1993، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ک. (5650)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 29

1993-04-25 دەرکردنی یاسای چاپەمەنی، ژمارە 10ی ساڵی 1993 لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ک. (5661)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 17

1993-05-02 ئێزگەیەکی تەلەفزیۆنیی ئامریکی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بۆ مەسعود بارزانی ڕێکخست، کە تێیدا وتی، حوکومەت و پەرلەمانی کوردستان، بنچینەیەکە بۆ ڕزگارکردنی ئێراق، پاشان پاسپۆرتی ئێراقیی لە گیرفانیدا دەرهانی، تاوەکو ئێراقایەتیی خۆی دڵنیا بکات. (5663)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری عەرەبی: کوردنامة - عدد 23 - لندن - مايس 1993. لاپەڕە: 10

1993-05-31 کوژرانی فرانسیس یوسف شابۆ، لە شاری دهۆك، نێوبراو نوێنەری ئاشوورییەکان بوو لە پەرلەمانی باشووری.ک. (5680)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 107

1993-07-00 عەدنان نەخشبەندی و چەند ئەندامێکی تری لیستی زەرد، کەنارگیریی خۆیانیان لە پەرلەمان ڕاگەیاند. (5697)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ - میدیای جیهانی کورد دەریدەکات - ژ3 و 4 - ئۆکتۆبەری - بەریتانیا. لاپەڕە: 7

1993-09-04 هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا، کە کورد بوون و سەر بە پارتی دیموکرات - دەپ بوون، کە پێکهاتبوون لە لەیلا زانا و خەتیب دیجلە و محەمەد سنجار و نیزامەدین تونج، دووچاری هێرشێکی چەکدارانە بوونەوە لەلایەن چەکدارەکانی کۆنترا گەریلاوە، کە تورکیای فاشی ڕێکی خستبوو، لە کاتێکدا ئەو ئەندامانە پیاسەیان بە شەقامەکانی شاری باتمانی باکووری کوردستاندا دەکرد، بووە هۆی شەهیدبوونی ئەندامی پەرلەمان محەمەد سنجاری کە کەسێکی نیشتمانی بوو و هەروەها مەتین ئوزدەمیر کە ئەندامی لیژنەی کارگێری پارتی دەپ بوو. هەروەها ئەندامی پەرلەمان نیزامەدین تونجیش بریندار کرا. (5718)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری عەرەبی: صوت كردستان - ناطقة باسم جبهة التحرير الوطني الكردستاني - العدد - 20. لاپەرە: 64

1993-09-15 پەرلەمانی باشووری کوردستان بڕیارێکی بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرکرد. (6785)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژمێری سەروەری - کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان - 1975 - 2000 - کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

1993-10-05 دەرکردنی یاسای چەك، ژمارە 16ی ساڵی 1993، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، تاوەکو سنوورێك بۆ چەکداری دابنێت. (5727)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 16

1993-10-18 دەرکردنی یاسای پارتەکان، ژمارە 17ی ساڵی 1993، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك. بەو پێیە دامەزراندنی هەر پارتێکی نوێ دەبێت بە پێی ڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆوە بێت. (5734)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 17

1993-10-31 دەرکردنی یاسای کۆمەڵەکان، ژمارە 18ی ساڵی 1993، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك. (5739)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 17

1993-11-11 فەرمانبەرانی پەروەردە، یاداشتێکیان ئاراستەی پەرلەمانی باشووری.ك کرد، تاوەکو باری گوزەرانیان چێتر بکرێت. (5743)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان - ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان - ژ - 123 - ساڵی 50، 06-09-1994. لاپەرە: 2

1993-12-22 پەرلەمانی باشووری.ك، یاسای دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی ئێراقی دەرکرد. (5771)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەرە: 166

1994-01-00 لەم مانگەدا ئەندامێکی پەرلەمانی تورکیا چووەتە باشووری کوردستان و لە هەولێر خۆی و وەرگێڕەکەیان کوشتووە. (5803)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-02-00 ینك ویستی لە پەرلەمانی کوردستان خۆی بکێشێتەوە تاوەکو پدك بەتەنێ باشووری کوردستان ببات بەڕێوە. بارودۆخی باشوور گەلێك ناخۆشە و هێندەی نەماوە کە ینك و پدك لە یەکتری بدەن. (5817)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-03-00 مەسعود بارزانی لێدوانی لەسەر تەلەفزیۆنی پارتی لە سلێمانی داو گووتی: کە ئەم پەنجا بە پەنجایەی پەرلەمان تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە و ئێمە جارێکی تر داوای هەڵبژاردن دەکەینەوە، بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندیی ینك نییە، هەر بۆیە قسەکەرێکی ینك لە ئەوروپا بەرپەرچی وتەکانی مەسعودی دایەوە. (5830)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-03-00 گیرانی 8 پەرلەمانتاری کورد لەلایەن تورکەوە. (5837)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد - ژمارە 26 - سوید - هاوینی 1995. لاپەرە: 4
سەرچاوەی 2, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 3 - خولی چوارەم - 25-09-1994 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەرە: 2

1994-03-00 پەرلەمانتارانی پەرلەمانی ڕاوێژکاری ئەوروپا، بە 26 وڵاتی ئەندامییەوە لە دژی ئانکەرە بۆ گرتنی 8 پەرلەمانتاری کورد نارەزایی بەتوندی دەربڕی. (5838)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 1 - خولی پێنجەم - 25-03-1995 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەرە: 4

1994-03-16 بەبۆنەی یادی کارەساتی هەڵەبجەوە، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە پەرلەمانی بەریتانیا کۆڕێکی سازکرد،

کۆرەکە لەلایەن لۆرد ئەیڤبرییەوە بەڕێوەبرا و چەندین پەرلەمانتار و ڕۆژنامەنووس وتاریان تێدا خوێندەوە. (5845)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - ژ45 - مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن - مارتی 1994. لاپەڕە: 1

1994-03-27 هەڵبژاردنی پەرلەمان لە تورکیا. (5851)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری هۆڵەندی: Kurdistan - Maandblad van het Informatie Centrum Nederland - nummer 3 - jaargang 2 - Maart 1994. لاپەڕە: 5

1994-05-03 تا 02-07، لەم ماوەیەدا پەرلەمانی باشووری.ك، هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکرد، بەهۆی شەڕی براکوژییەوە. (5885)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 137

1994-05-29 پارتی و یەکێتی شەڕەکەیان بردە نێو شاری هەولێرەوە و یەکێتی باڵەخانەی پەرلەمانی داگیرکرد. (5901)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 135

1994-07-30 یەشار کایا ڕایگەیاند، کە هەردوو پارتی هەپ و دەپ لە ماوەی کوورتی خەباتیاندا پتر لە 80 شەهیدیان داوە لەوانە: موسا عەنتەر، ڕۆژنامەوان: ژیان، سیاسەتمەدار: موحسین مەلیك ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی دەپ، پەرلەمانتاری کورد: محەمەد شەنگار و...هتد. (5928)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 1 - خولی پێنجەم - 25-03-1995 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەڕە: 4

1994-08-01 خۆپیشاندانی کەر و لاڵەکانی شاری هەولێر، کە بیرخەرەوەیەکیان دایە دەست ئەندامانی پەرلەمان، تاوەکو چارەیەك بۆ خراپیی باری ئابووریيان بدۆزرێتەوە. (5937)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان - ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان - ژ - 123 - ساڵی 50، 06-09-1994. لاپەڕە: 2

1994-08-03 داوەریکردنی 6 پەرلەمانتاری کورد لە ئەنکەرە. (5938)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 1 - خولی پێنجەم - 25-03-1995 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەڕە: 4

1994-08-15 جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، ڕێکەوتنێکیان لە پەرلەمانی باشووردا مۆرکرد، تاوەکو کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. (5941)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری عەرەبی: هه فوت - مجلة الحركة الثقافية الكردية - العدد 4 - سويسرا - ايلول 1994. لاپەڕە: 5

1994-08-24 تا 25-08: هەڵبژاردنی پەرلەمان لە سووریادا. کە کورد نەیتوانی هیچ نوێنەرێکی خۆی هەڵبژێرێت. (5945)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - ژ52 - مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن - ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە: 4

1994-08-25 دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانی باشوورەوە کە تێیدا داوا دەکات هەموو داهاتی حوکومەت لەوانە داهاتی گومرگەکان بدرێنە دەست وەزارەتی دارایی، بەڵام گوێی پێ نەدرا. (5946)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-08-25 کۆبوونەوەی پەرلەمانی باشووری.ك، بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، کە بڕیاری ئەوەیاندا کە بارودۆخی کوردستان هێمن بکەنەوە و بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی ئاسایی کردنەوەشیاندا. (5948)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان - ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان - ژ - 123 - ساڵی 50، 06-09-1994. لاپەڕە: 1

1994-08-29 ئامادە بوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، لە دانیشتنێکی پەرلەمانی باشووری.ك، هەردوولایان بەڵێنی ڕێکەوتنیاندا، بەڵام پاش 48 کاژێر شەڕ دەستیپێکردەوە. (5950)
سەرچاوەی 1, پەرتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995. لاپەڕە: 138

1994-09-00 کۆتایی ئەم مانگە: 6 سەناتۆر و 20 پەرلەمانتاری ئامریکی، نامەیەکی ناڕەزایی هاوبەشیان بۆ تانسۆ چیللەر نارد، کە تێیدا ڕەخنە لە حکوومەتی تورك دەگرن بۆ داوەریکردن و زیندانی کردنی ئەو 6 پەرلەمانتارەی کورد کە گیراون. (5960)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - ژ52 - مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن - ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە: 4

1994-09-02 بەبۆنەی شەهیدکردنی هۆزانەوان بەکر عەلییەوە لە شاری سلێمانی، 54 نووسەر و هونەرمەندی کورد نامەیەکی ناڕەزاییيان بۆ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆك وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیرانی باشوور نارد، تاوەکو دادگایی ئەو تاوانبارانە بکەن کە دەستیان لە کوشتنی نێوبراودا هەبووە، نامەکە باسی ئەوەشی

تێدایە کە نێوبراو بە دەستی هێزەکانی پارێزگاری سلێمانی سالار عەزیز شەهید بووە. (5962)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: وان - ژ9 و 10 - گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی، ڕۆشنبیرییە - سوید - 1994. لاپەڕە: 5

1994-09-03 لیژنەی باڵای بزووتنەوەی جوتیاران لە باشووری.ك، نامەیەکی کراوەی دایە پەڕلەمانی کوردستان، دەربارەی پشتگیریی لایەنێکی کوردستانی بۆ ئاغاکانی میراودەلی. (5964)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان - ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان - ژ - 123 - ساڵی 50، 06-09-1994. لاپەڕە: 1

1994-09-04 نوێنەری کورد لە پەڕلەمانی تورکیادا محەمەد سنجار دەستکوژکرا، هەروەها نیزامەدین تۆکۆچی نوێنەری نێوچەی باتمانیش بریندار بوو، لە هێرشێکی د.ت، کە لە شاری دیاربەکردا ئەنجام درا. (5966)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 4 - خولی چوارەم - 25-12-1994 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەڕە: 2

1994-09-06 ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی، نامەیەکی پەڕلەمانتاری زیندانیی کورد لەیلا زانای بڵاوکردەوە، ئەو نامەیە پێشتر لەلایەن نێوبراوەوە بە دزییەوە لە زینداندا نووسراوە و ڕەوانەی ئەوروپای کردووە، نامەکە باسی هۆ و شێوەی گیرانی خۆی و هەڤاڵانی دەکاتن. (5967)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - ژ52 - مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن - ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە: 3

1994-09-19 دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن پەڕلەمانی باشوورەوە کە تێیدا داوا دەکات هەموو داهاتی حوکومەت بدرێنە دەست وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەم بڕیارەش وەکو ئەوەی ڕۆژی 25-08-1994، گوێی پێ نەدرا. (5971)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-11-08 ئەو هەشت پەڕلەمانتارەی کورد کە لەلایەن د.ت وە گیرابوون، دووانیان ئازاد کران و پێنجیان بە 15 ساڵ زیندانی و یەکێکیان بە سێ و نیو تا هەفت و نیو ساڵ زیندانی بڕیاردران. (5980)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 4 - خولی چوارەم - 25-12-1994 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەڕە: 2

1994-12-04 کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، نامەیەکیان بە عارەبی بۆ سکرتێری ن.ی پەترۆس پەترۆس گالی نارد، کە تێیدا ناڕەزایی خۆیانیان لەسەر گیرانی پەڕلەمانتارەکانی کورد لە تورکیادا دەربڕی بوو. (5991)

1994-12-23 مانگرتنی 57 ئەندامی پەڕلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان لە نێو بارەگای پەڕلەماندا لە هەولێر، لە دژی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی. (5997)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-01-18 هەر 17 پارتە کوردستانییەکەی باشوور لە پەڕلەمان کۆبوونەوە و بروسکەی ڕاگرتنی شەڕی براکوژییان ئامادەکرد. (6030)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-02-02 خانمی میتیران کە سەرۆکی ڕێکخراوی سەربەستییە و کلاوس کینگلی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و 22 ئەندامی پەڕلەمانی بەریتانی، داوایان لە ینك و پدك کرد کە شەڕی براکوژی بوەستێنن، بەڵام بێسوود بوو. (6045)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاة - العدد 11671.

1995-02-05 کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، نامەیەکی بۆ سەرۆکی پەڕلەمانی باشووری.ك لەسەر شەڕی براکوژی نارد. (6050)

1995-03-17 ئەمڕۆ و دوێنێ 16-30، کوردەکانی ئەڵمانیا بەمۆلۆتۆڤ هێرشیان کردووەتە سەر مزگەوت و بنکە ڕۆشنبیری و بازرگانییەکانی تورك، پەڕلەمانی ئەڵمانیاش بڕیارێکی خراپی دژی ئەو کوردانە دەرکردووە: بەوەی کە کوردەکان ڕەوانەی تورکیا بکاتەوە. (6074)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-03-27 گرتنی باڵەخانەی پەڕلەمانی باشووری کوردستان لە شاری هەولێردا لەلایەن هێزەکانی ینك. (6095)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-11 دەنگوباسی ڕاگەیاندنی پەڕلەمانی باکووری کوردستان بڵاوبووەتەوە و دەبوایە کە سەبەینێ 12-04 لە بڕۆکسلی پایتەختی بەلژیکدا ڕابگەیەنرایە، بەڵام لەبەر ناڕەزایی بەلژیك گوێزرایەوە بۆ شاری لاهای - دەنهاخی پایتەختی هۆڵندا. (6106)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-11 وەزیری دەرەوەی هۆڵندا فان میرلۆ ئەوەی ڕاگەیاند، کەلە نێو دەستوری هۆڵندا، ئەوە هاتووە کە کۆبوونەوە و دەربڕینی بیروباوەر ئازادە و ئێمە ناتوانین ڕێگا لە کورد بگرین بۆ ڕاگەیاندنی پەرلەمانەکەیان لەسەر خاکی هۆڵندا. (6107)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-12 ئەمڕۆ لە هۆڵی کۆنگرێسی هۆڵندا لە شاری لاهای، ئاڵای ئێرنەك بەرزکرایەوە و کاتژمێر 10.05ی سەرلەبەیانی عیسمەت شەریف ڤانلی، پەرلەمانی باکووری کوردستانی لە دەرەوەی وڵات کردەوە و پاشان هەر 65 ئەندامی پەرلەمان سوێندیان خوارد و ئنجا ئەندامانی پەرلەمانی ئەڵمانیا و یۆنان و قوبرس و ئیتالیا و نەرویژ و ... هی تر پیرۆزباییان لە کورد کرد و قسەی زۆر جوانیان کرد... ئەندامانی پەرلەمان چواریان خەڵکی باشوورن و هی خۆرهەڵاتی تێدا نییە. (6108)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-12 تورکیا باڵوێزی خۆیی لە دەنهاخ بانگ کردەوە و وەکو ناڕەزاییەك لە دژی پەرلەمانی باکووری کوردستان. (6109)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-13 واشنتۆن بەهۆی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردەوە، ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر هۆڵندا دەربڕی، کەلە سنووری خاکی ئەودا شتێکی وا ڕاگەیەنراوە. (6110)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-15 بەهۆی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانەوە، پەرلەمانی تورك پەیوەندیی خۆیی بە پەرلەمانی هۆڵنداوە پچڕاند.... (6112)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-21 وەزیری نێوخۆ و دەرەوەی هۆڵندا لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی تورکیدا کۆبوونەوەیان کرد و پێیان گووتن کە تورك هەر بە ئاشتی و ئاسایش لە هۆڵندادا دەمێننەوە. ئەو ڕێکخراوانە هەر لەدوای ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانەوە کەوتوونەتە جم و جۆڵ لەگەڵ حوکومەتی هۆڵندیدا لە دژی کورد. (6115)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-23 لە شاری لاهایی پایتەختی هۆڵندا، 20 هەزار تورکی هۆڵندا و ئەڵمانیا و بەلژیك، خۆپیشاندانێکی گەورەیان دژی پەرلەمانی کوردستان و پکك و حوکومەتی هۆڵندا سازدا و هەموو جنێویان بە پکك دەدا.... پاشان باڵوێزخانەی یۆنانیان هێلکە باران کرد..... (6117)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-04-25 یەکێتیی ئەوروپا لە زمانی ئالان ژوپێی وەزیری فەرەنساوە، لە دژی تورکیا پشت بەستنی خۆیی بۆ هۆڵندا پیشاندا، بەبۆنەی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانەوە. (6118)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1995-05-06 دانوستاندنی سکرتاریەتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتدا دەستی پێکرد. نوێنەرانی پەرلەمان بریتی بوون لە، مەحموود قلیچ، نیزامەدین و نەجدەت، لە ئاکامدا کۆمیتەی کۆنگرە ئەوەی دایە دواوە کە بچنە ژێر ڕکێفی پەرلەمانێك، کە بۆ نێوچەیەکی کوردستان کاربکات. (6120)
سەرچاوەی 1, بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە - کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - ژ5 - فینڵاند - 30-05-1995.

1995-05-24 بەرپرسیاری کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، مەڵبەندی هێلسنکی، لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی ماڤی مرۆڤی پەرلەمانی فینلاند و سکرتێری کۆمیتەدا کۆبووەوە، کە لە ئاکامدا بڕیاردرا، کە کۆمیتەی ماڤی مرۆڤ نامەیەك ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند بکات و داوا بکات بەشداری نیوە بە نیوەی بودجەی خەرجی کۆنگرە لەگەڵ ن.ی دا لە ئەستۆ بگرن. (6122)
سەرچاوەی 1, بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە - کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - ژ6 - فینڵاند - 18-07-1995.

1995-06-00 پەرلەمانتاری کورد، لەیلا زانا، پاڵەپەستۆی خوێنی لە زینداندا بەرز بووەوە و برایە نەخۆشخانە. (6131)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی - حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - ژ173 - هەولێر - 11-06-1995. لاپەرە: 1

1995-07-05 ئولە ئەنتیلەی سەرۆکی گروپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فینلاند، نامەیەکی ئاڕاستەی سەرکردەکانی کوردی باشوور کرد و تێیدا ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە باشووری وڵاتدا. (6152)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 2 - خولی پێنجەم - 25-06-1995 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینڵاند. لاپەرە: 29

1995-09-17 سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانی عەلی ئەکبەر ناتقی نوری ئامریکا و ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد کە دەیانەوێت لەسەر حسابی وڵاتانی نێوچەکە خاکی ئێراق دابەشبکەن. (6187)

سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ - میدیای جیهانی کورد دەریدەکات - ژ3 و 4 - ئۆکتۆبەری - بەریتانیا. لاپەڕە: 1

1996-01-25 فڕاکسیۆنی سەوز لە پەڕلەمانی ئەڵمانیادا، بەیانێکی لە دژی فەتواکەی ئەدهەم بارزانی، بۆ کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد دەرکرد. (6245)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الشيوعية العمالية - العدد 8 - نيسان 1996. لاپەڕە: 17

1996-05-17 کۆبوونەوەی فراکسیۆنی زەرد، لە پیرمام، کە بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی پەڕلەمانی هەرێمی باشووری کوردستانیاندا. (6314)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-06-03 کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەڕلەمانی باشووری.ک، لە نێوچەی بێلایەنی نێوان ئۆردوگای شاوەیس و مەلا هۆمەر لە نێوچەی هەولێر، کە 57 ئەندامی پەڕلەمان بەشداریی تێداکرد و بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی پەڕلەمانیاندا. (6328)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-06-18 پەڕلەمانی تورکی ماوەی پاراستنی ئاسمانیی بە نێوی هاوپەیمانەکانەوە بۆ باشووری.ک بۆ ماوەیەکی کاتی درێژکردەوە. (6331)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-07-04 کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی ڕامیاریی لیژنەی هاریکاری نیشتمانی کوردستان، لە هەولێر، کە تێیدا باسی ئاشتی لە کوردستان و کاری پەڕلەمانی کرا. (6347)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی - حزك - ژ220 - هەولێر - 15-07-1996. لاپەڕە: 1

1996-07-06 بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە ژێر نێوی ئاشتی بۆ کوردستان، لە شاری بۆن، کە ڕێکخراوەکانی میدیکۆ ئنتەرناسیۆنال، پزیشکانی دژبە شەڕی ناوکی، ئەنستیتوتی کورد لە پاریس و بانگی هانۆڤەر، بەشدارییان تێداکرد، هەروەها هەندێك ئەندامی پەڕلەمانی باکووری کوردستانیش بەشداربوون. (6348)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی - حزك - ژ220 - هەولێر - 15-07-1996. لاپەڕە: 1

1996-07-15 بەستنی دانیشتنێکی پەڕلەمانی باکووری.ك لە شاری ڕۆمای پێتەختی ئیتالیا. (6352)
سەرچاوەی 1, پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز - تصريحات هامة للمفكر الكردي جمال نبز - المقدمة بقلم جواد ملا - من منشورات كوردنامه - لندن - 1996. لاپەڕە: 12

1996-09-18 لەم بارودۆخە ناسازەی کوردستاندا، ئەمڕۆ لە پاریس سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەلایەن جەواد مەلاوە کرایەوە، پاشان سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ پێر بێرسی وتارێکی خوێندەوە و کۆنگرەکە نزیکەی 30 کەس بەشداریی تێدا کرد و کۆمیتەیەکی پێك هێنا بۆ یەکگرتنی هەر چوار کۆنگرەکەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کە ئەوانیش ئەمانەن: کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، کۆنگرەی گەلی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئامریکا، کۆنگرەکە دەبوایە لە هۆڵی پەڕلەمانی فەڕەنسا بگیرایە، بەڵام گروپێکی کوردی، کە لە فەڕەنسا باڵادەستە، هانای بۆ فەڕەنسییەکان بردبوو کە نەیەڵن ئەو کۆنگرەیە لەوێ بگیرێت. چونکە ئەوانە داوای دەوڵەتی کوردی دەکەن، ناچار کۆنگرەکە لە هۆڵێکی ئاسایی شاری پاریسدا گیرا و دوو ڕۆژی خایاند. (6414)
سەرچاوەی 1, هاورێنامە هاورێنامە

1996-11-20 کۆبوونەوەی پەڕلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە شاری ئۆسلۆی پێتەختی نەرویژ، لەو کۆبوونەوەیەدا عەبدوڵڵا ئوجەلان نامەیەکی بۆ پەڕلەمان نارد و پێی گووتن کە ئێوە لەمڕۆوە نێوتان دەبێت بە پەڕلەمانی کوردستانی فیدراڵی. (6488)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الوطن - صحيفة سياسية ثقافية - العدد الرابع - السنة الاولت - 15-31-اذار-1997.

1997-02-13 لە پەڕلەمانی بریتانیا، کۆبوونەوەیەك بە پێشنیار و هەڵسووراندنی سی.ئەی.دی.ئار.ئای لە ژێر دروشمی گەلەکۆمەکێ دژی سەرکوتکردن، بۆ پاڵپشتی مافی دیموکراتی لە ئێراق بەسترا و باسی گەلێك لە تاوانەکانی د.ق لە کوردستاندا کرا، کە چەندین خەڵکی کورد و ئینگلیز بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کرد. (6542)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو - ژ11 و 12 - بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن - مارتی 1997. لاپەڕە: 2

1997-05-17 پەڕلەمانی ئێراقی نارەزایی خۆیی بەرامبەر هێرشەکەی تورك دەربڕی و داوای لە هەموو پەڕلەمانانی جیهانیش کرد کە هەمان هەڵوێستیان بێت. هەروەها کوفی ئەنانی سکرتێری ن.ی و یەکێتیی ئەورووپاش داوایان لە تورکیا کرد کە لە خاکی باکووری ئێراق بکشێتەوە. (6601)
سەرچاوەی 1, پەڕتووکی عەرەبی: منظمة العفو الدولية - نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 - الطبعة الاولى - لندن - ايلول 1995.

1997-05-21 بەرزبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ئیسلامییەکان و عیلمانییەکانی نێو تورکیا، کە عیلمانییەکان دەیانەوێت بەهۆی

دەستوورەوە پارتی ڕەفای ئیسلامی قەدەغە بکەن، هەندێك چاودێر وای بۆ دەچن کە ناکۆکیی نێوان ئەو دوو بەرەیە لە تورکیادا ببێتە هۆی جەنگێکی میللی لە تورکیادا. هەروەها ئەمڕۆ لە نێو پەڕلەمانی تورکیادا ئەو دوو لایەنە کەوتنە دەمەبۆڵێوە و هەندێکیشیان کەوتنە داپلۆسینی یەکتری. (6620)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1997-05-31 تا 10-6: کۆبوونەوەی فراوانی نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسێتییە ڕامیاری و ڕووناکبیرییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان لە بڕۆکسل، کە تێیدا بارودۆخی کوردستان خرایە بەر گفتوگۆ و بەشداران لە دژی هێرشی تورك و یارمەتیدانی پارتی بۆی هەڵوێستی ناڕەزاییان وەرگرت و ئەمانە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون: یەشار کایا - سەرۆکی پەڕلەمانی کور لە دەرەوەی وڵات، زوبێر ئەیدەر - سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەڕلەمان، پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی - سەرۆکی ئینستیتوی کورد لە بەرلین، کەریم یەڵدز - سەرۆکی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد لە لەندەن، د. نوری تاڵەبانی - سەرۆکی ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ، د. کەمال میراودەلی - سکرتێری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، فەیسەڵ ئەکای - سەرۆکی یەکێتیی پارێزەرانی کورد، شێخ سەلاح گڵەزەردە - سەرۆکی کۆمەڵەی ئاوارە لە سوید، مستەفا خۆخی - نوێنەری کۆنگرەی گەلی کوردستان لە سوید، ئۆکەس کولوساری - نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی کورستان لە تورکیا، عەلی یاڵچین - نوێنەری یەکێتی وڵاتپارێزانی کوردستان، ئەحمەد ئەکتاش - نوێنەری ئەرتەشی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستان ئەرنەك، جەمال عەزیز - نوێنەری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، مەلا محەمەد باوکی تارا - نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە ئێراق، نەبیل حەسەن - نوێنەری پارتی سۆسیالیستی کورد لە سووریا، مەسعود ڕەشۆ - نوێنەری پارتی سۆسیالیستی کورد لە سووریا، بەڵێن - نوێنەری پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕەحیمی ئەمیری - ڕامیار، پیر عەلی حەیدەر - نوێنەری یەکێتیی عەلەوییەکانی کوردستان، عەلی ساجیك - نوێنەری یەکێتیی کوردە ئێزیدییەکان، یوسف جاسم - نوێنەری یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کورد، ئیبراهیم ئەحمەد - نووسەر، محەمەد ڕەسوڵ هاوار - هۆزانەوان و مێژوونووس، ناسری ڕەزازی - هونەرکار، شێرکۆ بێکەس - هۆزانەوان، تاهیر کەمالیزادە - ڕامیار، گیاشیتین سایان - ئەندامی پەڕلەمانی ئەڵمانی، د. موسا قەوال - یاساوان، د. جایك ساڤاس، حوسەین محەمەد عەزیز - نووسەر، د. حوسەین خەلیقی - نووسەر، جوان حاجۆ - هونەرکار، حوسەین نارلی - نووسەر، مەحموود قلینج - پەڕلەمانتار، حاجی ئەحمەدی - ڕامیار، د. حەسەن شەتاوی - نووسەر، ماشەڵڵا ئوزرولك - پەڕلەمانتار، شێخمووس چەخرۆ - ڕامیار، د. جەبار قادر - نووسەر، جەلال جاف - دیپلۆمات، د. فەرەیدوون ڕەفیق حیلمی - نووسەر، زولکوف گۆناي - ڕۆژنامەنووس، عەلی قازی - دیپلۆمات، نیزامەدین تۆگیوچ - پەڕلەمانتار، مەسعود ئوزال - پەڕلەمانتار و د. سیراج بیلگین - نووسەر. (6640)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو - ژ13 و 14 - بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن - ژونی 1997. لاپەڕە: 3

1997-06-26 پەڕلەمانی تورکی ماوەی 6 مانگی بۆ یارمەتیدانی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ پاراستنی باشووری.ك نوێکردەوە. (6662)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1998-01-06 ئەمڕۆ 2 پارتی سەرەکی لە پەڕلەمانی هۆڵندادا، پێشنیازی ئەوەیانکرد کە هۆڵنداش کۆنترۆڵی سنوورەکانی خۆی بکات تاوەکو ئەو پەناهاندە کوردانەی کە گەیشتوونەتە ئیتالیا، نەیەنە هۆڵنداوە. (6729)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1999-08-29 پەڕلەمانی تورك بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ دەیان هەزار زیندانی دەرکرد، کە بەزۆری تاوانبارانی دزی و کوشتن و مادەی سەرخۆشکەری گرتەوە. بەپێی وتەی وەزیری دادی تورك ئەم بڕیارە ئەو زیندانییانە ناگرێتەوە کە بەهۆی کاری تیرۆرەوە گیراون و ژمارەیان یازدە هەزار کەسە. شایانی باسە زۆربەی ئەمانە کوردن و ئەندامی پ.ك.ك ن. (41)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1999-09-00 پەڕلەمانی سەربە پارتی لە هەولێر بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە شارۆچکەکانی هەڵەبجە، ئاکرێ، دیانا و بیتوێن لە ڕووی کارگێرییەوە ببنە شار. (167)
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

2000-02-09 بردنەوەی تەرمی ئازاد قەرەداخی لە سویدەوە بۆ کوردستان، نێوبراو ئەندامێکی بەرزی پارتی و هەروەها ئەندامی پەڕلەمانیش بوو لە هەولێر، ئازاد قەرەداخی بەنەخۆشی لە سەرەتای ئەم مانگەدا کۆچی دوایی کرد. (768)
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

2000-06-10 مردنی دیکتاتۆر حافز ئەسەدی سەرۆکی داگیرکەری سووری بە جەڵتەی مێشك، چاودێرەکان وا دەڵێن کە بەشاری کوری دەبێتە سەرۆك کۆماری سووریا. هەر ئەمڕۆ پەڕلەمانی کارتۆنی سووری کۆبووەوە تاوەکو ئەو مادەیەی دەستووری د.س بگۆڕن کە دەڵێت: سەرەك کۆمار دەبێت تەمەنی لە 40 ساڵ کەمتر نەبێت، چونکە بەشار ئەسەد تەمەنی لە سییەکاندایە. (4682)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2000-06-27 پەڕلەمانی سووری بەڕەسمی بەشار ئەسەد هەڵبژارد بە سەرۆك کۆماری سووریا. (5433)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2001-02-18 کۆژرانی فرانسوا هەریری ئەندامی بەرزی پارتی و ئەندامی پەڕلەمانی لیستی زەرد لەسەر جادەی

شەستیی هەولێر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە. (6815)
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

2001-03-01 پەرلەمانی بەریتانی زۆرتر لە 20 پارت و ڕێکخراوی جیهانیی قەدەغە کرد، کە دووان لەوانە پکك و موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی بوون. (6878)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2001-03-16 لە شاری بێرن، پایتەختی سویسرا بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە نزیکەی 200 خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم پەرلەمانی سویسریدا ڕێکخست. شایانی باسە ئەمە گەورەترین خۆپیشاندانە کە لە سویسرا کە تاوەکو ئێستا بەم بۆنەیەوە ڕێکخرابێت. لە خۆپیشاندانەکەدا ئەندامێکی پەرلەمانی سویسری ناڕەزایی بەرامبەر ئەو کۆمپانیا ئەڵمانییە دەربڕی کە گازی ژەهراویی داوەتە د.ق. (6894)
سەرچاوەی 1, هاوڕێنامە هاوڕێنامە

2001-03-29 ژمارەیەکی زۆر کورد لە شاری لاهای خۆپیشاندانێکیان لە دژی بڕیاری کردنەدەرەوەی 9 هەزار پەناهاندەی کورد ئەنجامدا. لەئەنجامدا خۆپیشاندانەکە بەخراپی شکایەوە، چونکە پۆلیسی هۆڵندی و پەرلەمان گوێی لە خۆپیشاندەران نەگرت. 10 پۆلیس و ژمارەیەکی زۆری کورد بریندرابوون و 7 کوردیش گیران. بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەوە نێو شاری لاهای بەتەواوەتی تێکچوو. (6926)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2001-04-12 لە شاری سلێمانی هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی، سامی عەبدولڕەحمان و عومەری سەی عەلی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان پێکهێنا و تێیدا ئەوەیان دڵنیا کرد کە کێشەی نێوانیان چارەسەر بووە و هەوڵدەدەن بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا. (6945)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسط 13-04-2001

2001-04-17 نزیکەی 20 کورد لەبەردەم پەرلەمانی هۆڵندیدا خۆپیشاندانێکیان سازدا، وەك پرۆتستۆکردنی بارودۆخی زیندانەکانی تورکیا. (6946)
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: RTL.4

2001-06-27 نزیکەی 100 پارت و لایەنی کوردی و 130 کەسایەتیی کورد یاداشتێکیان پێشکەشی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کوفی ئەنان، پەرلەمانی ئەوروپی، باڵوێزی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، باڵوێزی ئامریکا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد، کە تایبەت بوو بە کێشەی ئەنفالکراوەکانی ساڵی 1988ەوە و داوای دیاریکردنی چارەنووسیان و داوەریکردنی بکەرانیان کرد. (7003)
سەرچاوەی 1, هاوڕێنامە هاوڕێنامە

2001-06-29 پەرلەمانی تورك ماوەی بارودۆخی نائاسایی بۆ ماوەی 4 مانگ لە 14 شاری باکووری کوردستاندا نوێکردەوە. (7008)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 30-06-2001

2001-12-00 پارتی گۆڕانکارییەکی لە پەرلەمانی هەولێردا کرد، بەوەی 8 ئەندامی پەرلەمانی لەکارخست و 8 نوێی لە جێ دانان. (7202)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 07-12-2001

2002-01-09 چاوپێکەوتنی جەلال تاڵەبانی و وەفدێکی پەرلەمان و ڕۆژنامەنووسانی بەلژیکی لە شارۆچکەی دوکان. (7241)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 10-01-2002
سەرچاوەی 2, تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆرش قادر لە هۆڵندا

2002-07-01 یاریدەدەری سەرۆکی پەرلەمانی تورك موراد سوکمەن ئۆغلۆ ڕایگەیاند: ئەگەر تورکیا ڕازیبێت بە کردنەوەی کەناڵی تەلەڤزیۆنیی کوردی و خوێندنی کوردی، ئەوا پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورك کە پارتێکی تۆرانیی دژبە کوردە دەست لە پەرلەمان دەکێشێتەوە. (7283)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 02-07-2002

2002-07-22 کۆبوونەوەی نێوان ینك و پارتی لە سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پێکهێنانی پەرلەمانێکی هاوبەش درا بۆ ماوەی 3 مانگ. بەپێی ئەم کۆبوونەوەیە پارتی 51% و ینك 49% و ئاشوورییەکانیش 5 کورسیی پەرلەمانیان بەردەکەوێت. هەروەها بڕیاری گەڕانەوەی بارەگاکانی هەردوولا درا. (7303)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

2002-08-03 پەرلەمانی تورك بەزۆرینەی دەنگی 267 بەرامبەر 114 دەنگ بڕیاری مافە کلتوورییەکانی کوردیدا، ئەم مافانە بەپێی ئەو بڕیارە بریتین لە پەخشی کوردی و خوێندن بەزمانی کوردی. شایانی باسە دەرکردنی ئەم بڕیارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا وەربگیرێت. (7307)

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
سەرچاوەی 2, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2002-08-19 پەڕلەمانی ئێراقی بەزۆرینەی دەنگ دیکتاتۆر سەددام حسەینی هەڵبژاردەوە. (7319)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-08-21 وەزیری بەرگریی تورك ڕایگەیاند، باکووری ئێراق بەشێکە لە زەوییەکانی تورك بەپێی پروانامەی نیشتمانیی تورك کە لە ساڵی 1920دا لەلایەن پەڕلەمانی تورکەوە ئیمزا کراوە، بەڵام زلهێزەکان لە تورکیایان سەندووەتەوە. (7323)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الحياة 22-08-2002

2002-09-07 گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ کوردستان لە ڕێگای زاخۆوە و لە شارۆچکەی پیرمام لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبووەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا بەپێی قسەی هەردوولایان تەواوی کێشەکانی نێوانیان چارەسەرکردووە و لە مانگی داهاتوودا پەڕلەمانی هەردوولاش کۆدەبێتەوە. (7356)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-09-24 تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە لێدوانێکیدا لەبەردەم پەڕلەمانی بەریتانیا دەربارەی مافی مرۆڤ، باسی کورد و ئەو نەهامەتییانەی کرد کە لەلایەن د.ق بەسەری هاتووە. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە کورد نزیکەی 100000 کەسی بە گازی کیمیاوی و چەکی فرەکوژیی ئێراقییەوە لێکوژراوە. (7371)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-10-00 بەهۆی ڕێ َکەوتنی پارتی یەکی َتی ڕی َکخستنەوەی پەڕلەمانی باشووری کوردستانەوە، ئومێدی َکی زۆر لە نێو خەڵکی کوردا دروستبووە و ئاساییشی کوردستانیش جێگیر بووە. (7398)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-10-00 دروستکردنی سیستمێکی ئەلەکترۆنیی هاوچەرخ بۆ پەڕلەمانی باشووری کوردستان لە هەولێر. بەهۆی ئەم سیستمەوە ئەندامان دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی دەنگ بدەن و باڵەخانەی پەڕلەمانیش ببەستێتەوە بە ئنتەرنێتەوە، ئەم سیستمە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەریتانییەوە دروستکراوە کە خاوەنەکەی کوردێکە و ناوی شێرکۆ عابدە. (7405)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 14-10-2002

2002-10-04 کۆلن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئامریکا نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ پەڕلەمانی باشووری کوردستان نارد بەبۆنەی کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامەکانییەوە. (7389)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-10-04 کۆمەڵەی پەڕلەمانتارانی بەریتانیا نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ پەڕلەمانی باشووری کوردستان نارد بەبۆنەی کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامەکانییەوە. (7390)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-10-04 13 ئەندامی فراکسیۆنی سەوز بەزۆرینەی دەنگ لەلایەن پەڕلەمانی باشووری کوردستانەوە هەڵبژێردران، لەوانە (عومەری سەید عەلی، مستەفا چاورەش و شێخ جەعفەر). (7392)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2002-10-04 پەڕلەمانی باشووری کوردستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری بەفەرمیکردن و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشەنتۆنی نێوان پارتی و یەکێتییدا. (7393)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2002-10-04 کۆبوونەوەی ئەندامانی پەڕلەمانی یەکێتی و پارتی و پارتەکانی تر لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ئامادەبوون و هەردووکیان وتاریان خوێندەوە و داوای لێبووردنیان لە کورد کرد بۆ ڕووداونی شەڕی براکوژی و ئەو هەڵانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا کردوویانە. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کە ئەم دوولایەنە داوای لێبووردن لە هەڵەکانیان بکەن و ئەمە هەنگاوێکی نوێیە لە سیاسەتی کوردیدا. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێك میوان ئامادەبوون لەوانە خاتوو دانیال میتیرانی دۆستی کورد کە ئامادەبووان بەناوی دایکی کوردەوە ناویان برد و وتارێکیشی خوێندەوە. ئەم کۆبوونەوەیەی پەڕلەمان لەلایەن تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانەوە باسکرا. ئەم کۆبوونەوەیەکی پەڕلەمان یەکەمین کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامەکانییەتی لە دوای ساڵی 1996ەوە. (7388)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-10-08 بەستنی دووەمین کۆبوونەوەی پەڕلەمانی باشووری کوردستان بە تەواوی ئەندامانییەوە لەشاری سلێمانی، کۆبوونەوەکە بەسەرۆکایەتیی د. کەمال فوئاد بوو و جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیش بەشدارییان تێداکرد. (7395)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2002-11-03 د.ا داوای ئەو پەڕلەمانتارە کوردانەی نێو پەڕلەمانی ئێرانیی بە نەرێ وەڵام دایەوە کە دەیانویست سەردانی

پەرلەمانی باشووری کوردستان بکەن. (7414)
سەرچاوەی 1, رۆژنامەی عەرەبی: القدس 04-11-2002

2002-11-09 بۆ یەکەمجار لە ماوەی 7 ساڵدا 3 وەزیری سەربە حکومەتی ینك لەبەردەم پەرلەمانی هەولێردا سوێندی یاساییان خوارد. ئەوانیش بریتی بوون لە بایز سەعید تاڵەبانی، شاڵاو عەلی عەسکەری و د. محەمەد خۆشناو. (7416)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2002-12-07 بەشداریکردنی وەفدێکی باڵای ئەنجوومەنی پیرانی ئامریکا لە دانیشتنێکی پەرلەمانی باشووری کوردستاندا بەتەواوی ئەندامانی هەر سێ لیستەکەوە. (7435)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2002-12-10 ژمارەیەك لە کوردی بندەستی سووریا لەبەردەم پەرلەمانی سووریدا لە دیمەشق خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، خۆپیشاندەران داوای مافی رەگەزنامەی سووری و مافەکانی تریان دەکرد. (7436)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-01-15 بەستنی کۆبوونەوەی 12هەمی پەرلەمانی باشووری کوردستان. لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان گواسترایەوە بۆ د. کەمال فوئاد بەپێی رێکەوتنەکەی پیرمام. پێش ئەمرۆ د. رۆژ نوری شاوەیس بۆ ماوەی 2 مانگ سەرۆکی پەرلەمان بوو. (7477)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2003-02-25 پەرلەمانی باشووری کوردستان داوای لە ئامریکا و وڵاتانی تر کرد تاوەکو نەهێڵن سوپای تورك بێتە کوردستانەوە. (7497)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-03-00 نزیکەی 40 ئەندامی پەرلەمانی سوید و ئەوروپی یاداشتێکیان دایە تورك تاوەکو هێزەکانی نەنێرێتە باشووری کوردستانەوە. (7524)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-03-24 تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لەبەردەم پەرلەماندا رایگەیاند کە دژی چوونە ناوەوەی سوپای تورکە بۆ کوردستان و ئەوەشی دڵنیاکرد کە دەستکەوتەکانی کورد دوای رووخانی رژێمی سەددام دەپارێزن. (7574)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-04-20 پەرلەمانی باشووری کوردستان کۆتایی بەباری نائاسایی باشووری کوردستان هێنا. (7612)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-04-23 سەردانی جێ. گارنەر بۆ هەولێر و لە پەرلەمانی باشووری کوردستاندا وتارێکی بۆ پەرلەمانتاران خوێندەوە و پاشان چوو بۆ شاری موسڵ. (7624)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-05-12 پەرلەمانی باشووری کوردستان بریاریدا رۆژی 9ی ئەپریل، رۆژی گیرانی بەغداد بکرێتە پشووی فەرمی. (7656)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-05-12 پەرلەمانی باشووری کوردستان بریاریدا کە هێزەکانی تورك کە ناسراون بە PMF لە کوردستان بچنە دەرەوە. (7654)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-06-09 بەبۆنەی 11هەمین ساڵرۆژی پەرلەمانی کوردستانەوە، پەرلەمان کۆبووەوە و نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی و ئامریکییەکان بانگهێشتن کرابوون. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر فیدراڵی بۆ کوردستان کرایەوە. (7683)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2003-10-11 پەرلەمانی باشووری کوردستان بەزۆرینەی دەنگ دژی هاتنەناوەوەی سوپای تورك وەستایەوە. (7750)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-01-00 ئەم مانگە: قەیرانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران بەوەی کە ئەندامە چاکخوازەکان وەك هەڵوێستێك لە دژی مەلاکان خۆیان هەڵنابژێرن و زۆرینەی چاودێرەکانیش وا رادەگەیەنن کە کورد بەشداریی ئەم هەڵبژاردنە نەکات. (7791)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-02-01 بەهۆی دوو کارە تیرۆریستییەکەی هەولێرەوە، پەرلەمانی کوردستان پرسەیەکی سێ رۆژەی راگەیاند لە کوردستاندا. (7807)

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-01 زۆرتر لە 100 پەرلەمانتاری چاکسازی ئێرانی، خۆیان لە پەرلەمان کەنارگیرکرد. (7808)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-05 پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری 137ی گۆڕینی یاسای بارە کەسییەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێراقییەوە ڕەتکردەوە. (7810)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-23 لەناو پەرلەمانی ئێراندا هەردوو بەرەی چاکسازان و پارێزگاران بووبە شەڕە دەستیان، لەسەر هەڵوێستی دوواکەوتووانەی پارێزگاران. (7820)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-28 سەردار دۆسکی لە شاری ئەمسفۆرتی هۆڵندا لە کۆنفرانسی پارتی سۆسیالیستی هۆڵندا وەك ئەندام هەڵبژێردرا بۆ ناو لیستی پەرلەمانی ئەوروپا. (7837)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 پەرلەمانی ئەوروپا ڕێکخراوی کۆنگرەی گەل (پکك)ی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانەوە. (7922)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-01 پەرلەمانی ئەوروپا لە بڕیارێکیدا داوای لە تورکیا کرد دەستوورێکی نوێ دابنێت و تێیدا ڕێز لە مافەکانی تاك و کەمەنەتەوەکان بگرێت. (7893)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-21 پەرلەمانی کەنەدا بەزۆرینەی دەنگ دژی قەتلوعامی ئەرمەنەکان لە ساڵی 1915 بەدواوە لەلایەن

تورکەوە بڕیارێکی نارەزایی دەرکرد، ئەم بڕیارە بووە هۆی قەیرانێکی دیپلۆماسی لەنێوان کەنەدا و

تورکدا. (7929)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-13 هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا، لەم هەڵبژاردنەدا خاتوو فەلەکناس ئۆجە بۆ دووەمجار بووەوە ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا. (8044)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-30 کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ سەرۆك پەرلەمانی ئیتالیادا و ئەمەی دواییان پشتگیریی خۆیی بۆ ئێراقی فیدراڵیی یەکگرتوو دەربڕی. (8073)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-12 بەستنی کۆنگرەی داخوازینامەی ژنی کورد لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر. (8110)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-00 سەرچاوەیەکی کوردی بە ڕۆژنامەی هاوڵاتیی ڕاگەیاند کە عەرەب دژی ئەوەن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدرێت بە کەسێکی کورد. (8279)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-07 باڵوێزی ئامریکا لە ئێراق جۆن نیگرۆپۆنتی سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد لە هەولێر. (8170)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-19 ئاشکراکردنی ناوەکانی پەرلەمانی نوێی ئێراق، لەوانە 26 کەسیان کوردن. (8258)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-25 نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێراندا فراکسیۆنێکی نوێی کوردییان پێکهێنا. (8288)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 کۆتایی ئەم مانگە: ئەندام پەرلەمانێکی سوید داوا لە وڵاتەکەی دەکات باڵوێزخانەی سوید لە باشووری کوردستان بکرێتەوە. (8460)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-11 کۆبـوونەوەی دوێنێـی پـەرلـەمانـی کاتـی عێـراق کـە تایـبەت بـوو بـە بـەشـداربوونی لایـەنـە کوردیـیەکـان لـە هـەڵبـژاردنەکانی کەرکوك و چارەسـەرکردنی کێشـەی ئاوارەکان. پەرلەمان بریاریدا یەکلایی کردنەوەی کێشـەکانی تایبەت بەکەرکوك بۆ پەرلەمانی ئایندەی عێراق بەجێ بهێڵدرێت. (8906)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-10-13 لە کۆبـوونەوەیـەکـی پـەرلـەمانـی ئەوروپا کە لەیلا زاناش بەشداربوو تێیدا، جۆزیف بۆرلیی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا بە زمانی کوردی بەخێرهاتنی لەیلا زانای کرد. (8426)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-11-00 پارتـی داوای لە یەکێتی کرد کە ببێتە خاوەنی %55ی کورسییەکانی پەرلەمان و یەکێتیش ئەو %45ەکەی تری ببێت، بەڵام مەلا بەختیار لە هەفتەنامەی چاودێردا ئەمەی رەفز کرد و وتی ئێمە بەهیچ جۆرێك بەمە رازی نابین. (8500)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-11-00 ئیسـماعیل تـەتەری کـە کوردێکـی کرماشـانە و نوێنەری کرماشـانە لە پەرلەمانی ئێرانیدا رایگەیاند کە دەیەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری ئێران کاندید بکات. (8580)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-11-21 پـەرلـەمانـی باشـووری کوردسـتان بـریاریدا ژمـارەی ئەندامانی لە 100 ئەندامەوە بکاتە 111 و رێژەی %7یش بۆ هەڵبژاردن و مەرجی ئەندامەتی لاببات. هەروەها بریاری ئەوەشیدا رێژەی ئافرەت لە پەرلەماندا %25 بێت. (8583)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-11-22 پـەرلـەمانـی ئـەوروپـی لـەسـەر کێشـەی کـورد لـە تورکیا کۆبـوونەوەیـەکـی سـازکرد و لەو کۆبوونەوەیەدا چەند کوردێکیش بەشداربوون. (8559)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-12-00 هـەردوو لیسـتـی هـەڵبژێـردراوی کوردسـتان بـۆ پـەرلـەمانـی ئێـراق و کوردسـتـان، کـۆمەڵـێك کـەسانی جاش و تاوانباری تێدایە لەوانە جەوهەر محێدین جیهانگیر و زۆری تر کە پێشتر یان سەرۆك جاش بوون یان دەستیان لە ئەنفال و ژینۆسایدی کوردا هەیە. (8819)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-00 سـەرچـاوە کوردیـیەکـان باسـیان لـەوەکـرد کە لە پەرلەمانی ئێراقدا جگە لە حەمەی حاجی مەحموود کەس بە زمانی کورد قسە ناکات. (8656)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-01 مۆرکردنـی رێکـەوتـنـامەیـەك لە نێوان پارتی و یەکێتی لە پیرمام، لەم رێکەوتننامەیەدا هەردوولا بریاریاندا لەگەڵ حیـزبە کوردسـتانییەکانـی تـردا بـە لیسـتێکی هاوبـەش بـەشـداریی هـەڵبژاردنـی ئێراق و کوردستان بکەن و ئەو لیستەیەش پارتە ئیسلامییە کوردستانییەکانی تێدا نەبێت. هەروەها بریاری ئەوەشیاندا کە هەردوولا بەرێژەی %50 بەشداریی پەرلەمانی کوردستان بکـەن بـەو مـەرجـەی پارتـی بـۆ هـەبـێت کورسـییەکـی بـێلایەن لـە پەرلەماندا دەستنیشان بکات. هەردوولاش لەم رێکەوتننامەیەدا ئـەوەیـان دڵنیا کـردەوە کـە کـەرکوك شـارێکی کوردسـتانییە و ناکـرێت هـەڵبژاردنـی تـێدا پـیادە بکـرێت تـاوەکـو عـەرەبە هاوردەکان نەنێردرێنەوە و کوردە ئاوارەکانیش لە کەرکوکدا نیشتەجێ نەبنەوە. (8597)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-12-03 جۆزیـف بۆریـلـی سـەرۆکـی پـەرلـەمانـی ئـەوروپا لـەگـەڵ تەیب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیرانی داگیرکەری تورکدا کۆبـووەوە و لـەو کۆبـوونەوەیەدا سەرۆی پەرلەمانی ئەوروپا وشەی کوردستانی بەکارهێنا و بووە هۆی توورەبوونی ئەردۆغان. جۆزیف پاشان رایگەیاند کە دەیەوێت سەردانی دیاربەکر بکات و چاویشی بە خاتوو لەیلا زانا بکەوێت. (8612)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-12-04 لـەکاتـی کۆبـوونەوەیـەکـی رۆژنامـەنووسیی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا جۆزیف بۆریلی لە تورکیا و راگەیاندنی ئەوەی کە دەوێت بچێتە دیاربەکر و شارە کوردییەکانی تر، رەمەزان بەقاڵی سەرۆکی دەستەی باڵای رێکخراوە مەدەنییەکانی تورکیا چـەندین قسـەی ناشرینی بە سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا گووت و بەوەش وازی نەهێنا کەوتە لێدانی کارمەندانی ئەو هۆتێلەی کە کۆبوونەوەکەی تێدا دەکرا. (8620)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-06 سـەرۆکـی پـەرلـەمانـی ئەوروپا سـەردانی دیاربەکری کرد و لەگەڵ والیی دیاربەکردا کۆبووەوە و رایگەیاند کە زۆر خۆشـحاڵ بـووە توانـیوەتـی شوورەی دیاربەکر ببینێت و هیوای ئەوەی خواستووە کە ئەم شوورەیە ببێتە شوێنێکی گەشتوگوزاریی گرنگ بۆ ئەوروپییەکان. پاشان سەرۆکی پەرلەمان بەزمانی کوردی سوپاسی والیی دیاربەکری کرد. (8635)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-26 ئاشـکراکردنی لیسـتـەی هاوپـەیمانیـی کوردسـتان بـۆ پـەرلـەمانـی ئێراقی و ئـەمانـە نـاوەکانـیانە: 1. جـەلال

حیسامەددین محەمەد تاڵەبانی (سلێمانی) 2. ڕۆژ نوری سدیق شاوێس (سلێمانی) 3. نەسرین مستەفا سدیق (دهۆك) 4. مەحمود عەلی عوسمان (سلێمانی) 5. فوئاد مەعسوم خدر (هەولێر) 6. کەمیلا ئیبراهیم ئەحمەد (دهوك) 7. بەرهەم ئەحمەد ساڵح (سلێمانی) 8. هوشیار مەحمود محەمەد (دهۆك) 9. نێرگز محەمەد ئەمین (هەولێر) 10. عارف تەیفور عارف (سلێمانی) 11. فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج (سلێمانی) 12. ویداد حەمەغەریب فەرەج (کەرکوك) 13. حوسێن محەمەد تەها (هەولێر) 14. فەرهاد عوسمان عەونی (هەولێر) 15. ئاڵا نووری ڕەشید (کەرکوك) 16. سەعدون یەدوڵڵا شنێ (خانەقین) 17. سالار عیسمەت سەعید (دهۆك) 18. کوردە ئەحمەد تەقی (سلێمانی) 19. سەعدی ئیسماعیل عەبدولکەریم (هەولێر) 20. خسرەو محەمەد سەعید (سلێمانی) 21. شلێر ڕەشید محەمەد ئەمین (کەرکوك) 22. نەهرۆ سەعید سۆفی (هەولێر) 23. ڕەئوف عوسمان ( سلێمانی) 24 . زەهرە حاجی تەها (دهۆك) 25. دانا مستەفا محەمەد (هەولێر) 26. دارا نورەددین بەهادین (دهۆك) 27. هەیفا ئەلماس (بەغدا) 28. نەوزاد ساڵح ڕەفعەت 29. ئیسماعیل ڕەجەب ئەحمەد 30. ڕۆژیدە عەبدولقادر شەریف (هەولێر) 31. دیندار نەجمان شەفیق (دهۆك) 32. ئەحمەد وەهاب مەجید (هەولێر) 33. پاکیزە مستەفا ئەحمەد 34. وەلید ساڵح محەمەد 35. سامی ئەحمەد عەلی (هەولێر) 36. ئینتیسار بەکر ساڵح (هەولێر) 37. یەشار محەمەد شاکر 38. دڵشاد بەکر مەولود 39. منیرە عەبدول 40. سەردار ئەنوەر سلێمان (هەولێر) 41. کورئیل ئیشۆ خامس (دهۆك) 42. ئەزهار ڕەمەزان عەبدولڕەحیم (بەغدا) 43. سەلیم بترس ئەلیاس 44. ئەبلحەد ئەفرام ساوا (دهۆك) 45. جاکلین قوسن زومایا 46. فازڵ حەیدەر کاکە ئەحمەد (سلێمانی) 47. ئیبراهیم جەلال مەجید (دهۆك) 48. ئەسمەر حوسێن ئەحمەد (سلێمانی) 49. کامەران خەیری سەعید (دهۆك) 50. عادل ناسر حاجی (دهۆك) 51. نازلین حوسێن فەیزوڵڵا (بەغدا) 52. فارس ناسر (موسڵ) 53. فەرەج میرزا لەتیف (بەغدا) 54. سوهەیلە جەعفەر (بەغدا) 55. حەیدەر قاسم شەشۆ (موسڵ) 56. ئەحمەد ئیبراهیم فارس 57. قسمەت هادی بەهرام 58. عەبدولخالق محەمەد ڕەشید (هەولێر) 59. سەرتیپ محەمەمد حوسێن (کەرکوك) 60. نەرمین سدیق مەعروف (هەولێر) 61. عومران یاوەر قادر (دیالە) 62. تەڵعەت محەمەد عەلی 63. د.پیرۆز کاکەزیاد حەمەئاغا (هەولێر) 64. فایەق ئەحمەد شەعبان (دهۆك) 65. مونزیر عەبدولحوسێن خەلیل ئەلفەزڵ (هەولێر) 66. فائیزە جەبار محەمەد باخان (بەغدا) 67. فریاد محەمەد فەقێ (هەولێر) 68. عومەر عەلی حوسێن 69. نەوال حوسێن دەروێش (دهۆك) 70. عادل تۆفیق ڕەشید (دهۆك) 71. موحسن سەعدون نوح (موسڵ) 72. د.ژیان ئەحمەد عەبدوڵڵا (سلێمانی) 73. ئیسماعیل ڕەجەب ئەحمەد حەدیدی (کەرکوك) 74. فارس یونس گردە برۆ (دهۆك) 75. ئەنهار محمەد سەعید (موسڵ) 76. عەبدولڕەحمان عەلی محەمەد کوردە (هەولێر) 77. نەسروڵڵا نەجمەددین سەیفەددین (بەغدا) 78. ویداد خاڵس ڕەشید قازی (هەولێر) 79. عەبدولمەجید عەبدولحەمید عەبدولعەزیز (کەرکوك) 80. بەهرام محەمەد ئەمین 81. سۆلاف عەبدوڵڵا محەمەمد (کەرکوك) 82. مەحمود ئەسعەد فەتاح (هەولێر) 83. جەوهەر محێدین جیهانگیر (موسڵ) 84. مهاباد محەمەد ئەمین (سلێمانی) 85. فەیسەڵ کەریم خان مەحمود (هەولێر) 86. عەبدولباری محەمەد فارس (موسڵ) 87. ناسکە عەبدوڵڵا ڕەسول (سلێمانی) 88. نامیق ڕەقیب محەمەد سورچی (موسڵ) 89. جوکو محەمەد کلحی (موسڵ) 90. شەرمین محەمەدبەگ خۆشناو 91. محێدین ڕەشید ڕەمەزان 92. عادل نووری محەمەد 93. بەیان ئەحمەد حەسەن 94. عەلی محەمەد کەریم 95. جەلال ئیبراهیم حەسەن 96. شلێر عەبدولمەجید ڕەشید (سلێمانی) 97. سەیفەددین نووری مەحمود (هەولێر) 98. موەفەق جەوهەر (کەرکوك) 99. پەیام ئەحمەد (دیالە) 100. سەید تاڵب سەید وەهاب (موسڵ) 101. شێرزاد عەزیز ئاغالی (هەولێر) 102. د.ژیان ئەنوەر ڕەشید (هەولێر) 103. عەبدولجەلیل ڕەزا فەیلی 104. عەدنان عەبدولکەریم فەیلی 105. ئیلهام سەعید حەمەئاغا (سلێمانی) 106. دەخیل سەیدۆ حەمۆ (موسڵ) 107. عەتۆ سلێمان خدر (موسڵ) 108. ڤیان سدیق مستەفا 109. زادوق ئادەم باوید (هەولێر) 110. پۆلس مەلەك خۆشابا 111. لەیلا سلێمان حەمەسوور (سلێمانی) 112. عەبدوڵڵا کەریم سەعید (هەولێر) 113 . محەمەد سدیق عەبدولعەزیز (سلێمانی) 114. بەدریە تۆفیق عەبدولڕەحیم (سلێمانی) 115. بایزید عەبدوڵڵا 116. جەواد وادی سەعید 117. هودا ئەحمەد سەبری (دهۆك) 118. سەردار ئەنوەر ڕەشید (سلێمانی) 119. عومەر خدر حەمەد (هەولێر) 120. لانە محەمەمەد عەلی حافز (سلێمانی) 121. عەلی ڕەئوف غەفور ڕەئوف (سلێمانی) 122. شەریف عەزیز سۆفی شەریف (سلێمانی) 123. خەدیجە خەدیدی بەخش 124. عەبدول لەتیف عەبدولمەجید گوڵی (کەرکوك) 125. فەوزی عەزیز میرزا (دهۆك) 126. نەرمین قادر مەحمود 127. فاروق سابیر محەمەد 128. حەبیب محەمەد دەروێش 129. نەورۆز عیززەددین قەرەمحەمەد (کەرکوك) 130. عیماد جەمیل قاسم (دهۆك) 131. د.فوئاد حەمە خورشید (بەغدا) 132. زێڕین ئەحمەد تەحسین 133. عەلی ئەمین مزوری 134. مستەفا عەرەب حەمەد حەسۆ 135. حەیات ئەحمەد عەبدولڕەحیم (موسڵ) 136. د.عەلی حوسێن بلۆ (دهۆك) 137. د.جەعفەر حوسێن خدر (هەولێر) 138. سروە یونس محەمەمد (هەولێر) 139. یوسف ئەحمەد مستەفا (هەولێر) 140. ساڵح عەبدوڵڵا مەحمود (کەرکوك) 141. گولیزار شەفیق عەبدوڵڵا (هەولێر) 142. عەبد جوبرەئیل رزوقی (موسڵ) 143. نەوزاد نافیز جەلال (هەولێر) 144. لەیلا محەمەد غەریب (کەرکوك) 145. خدر ئەکبەر حەسەن (کەرکوك) 146. کامیل عەبدوڵڵا کاکەحەمە (کەرکوك) 147. لەیلا بایز مەحمود (کەرکوك) 148. لەتیف عەبدولقادر نەجمەددین (کەرکوك) 149. محەمەد عەبدولڕەحمان نەجمەددین (کەرکوك) 150. منیرە ئەبوبەکر مستەفا 151. بەشار ئیسماعیل ئەحمەد 152. عیسمەت ئەمین ناسر (دهۆك) 153. غەزالە محەمەد (سلێمانی) 154. یەحیا بابەرەسوڵ عەبدولعەزیز 155. مەلا ڕەشید کوردۆ ڕەشید (هەولێر) 156. شیلان خسرەو تۆفیق 157. عەبدولڕەحمان ئەمین گۆمەشین (هەولێر) 158. سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم (سلێمانی) 159. زانا حەمەد ئەمین (هەولێر) 160. ئیبراهیم میرانی 161. عەبدوڵڵا ڕەزا عەبدوڵڵا ڕەسوڵ 162. سەبریە بابەکر ئەحمەد (سلێمانی) 163. نەزیرە ئیسماعیل کەریم 164. عەرەب محەمەد ئەمین (سلێمانی) 165. عەبدوڵڵا محەمەد سەعید (دهۆك) (8759)

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-31 پەڕلەمانی کۆریای باشوور بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی خۆیی لە باشووری کوردستان تا ساڵی 2006دا. (8806)

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 بەپێی ڕاپرسییەك کە سایتی پەیامنێر لە سلێمانی ئەنجامیداوە، زۆرینەی ژنانی کورد ئەو ژنانە ناناسن کە پاڵێوراوی پەڕلەمانی کوردستان و ئێراقن و زۆربەیان پاڵێوراوی حیزبەکانن و لە بەرژەوەندیی حیزبەکانیان کاردەکەن. (8934)

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2005-01-00 بڵاوکردنەوەی لیستی بێلایەنەکان بۆ پەڕلەمانی کوردستان، ئەمانە ناوەکانیانە: 1. د.فەرهاد پیرباڵ 2. د.دڵشاد

گەنجۆ 3. ساڵ ًح بڕێخت 4. تەڵعەت نادر 5. د.فەرەیدون رەفیق حیلمی 6. د.جەمال عەبدولکەریم فوئاد 7. د.ئیحسان فوئاد 8. د.ئومێد نوری 9. د.ئیبراهیم خورشید 10. کەریم جومعەجوبرائیل 11. جەمال بەکر قەساب 12. سەربەست تۆفیق قەزاز 13. فەوزی رەفیق حیلمی 14. ساڵح موراد عیدۆ 15. لوقمان حەکیم رەحیم 16. حسێن ئیبراهیم حەمو 17. محەمەد باقی سەعید 18. جەبار ئەحمەد سابیر 19. بەهادین نوری 20. کەریم غەفور (کەریمۆك) 21. کەمال رەئوف رەحیم 22. تەحسین سابیر عەلی شەونم 23. عەلی شەونم 24. رزگار کەریم محەمەد 25. پەروین عەبدلمەجید گلی 26. تەرزە فایق ئەحمەد 27. پەروین محەمەد ئەمین عەلی 28. هەڵاڵە سەلاح ئەحمەد 29. نیان عەلی ئەحمەد 30. فەزیلە ئیبراهیم ساڵح31. ئاشتی عەزیز ساڵح 32. رۆشنا ئەحمەد رەسوڵ 33. دڵسۆز مەحمود تاهیر 34. روناك عەبدولمەجید بەرزنجی 35. ساکار محەمەد عەبدولسەلام 36. ئەنوەر غەریب ساڵح 37. کامیل محەمەد مستەفا 38. غەنی رەشید نانەوا 39. جەمال رەئوف. (8838)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 نامیق رەقیب سورچی و جەوکۆ محەمەد کەلحی رێکانی کە هەردووکیان ماڵیان لەشاری موسڵە و سەر بەدوو بنەماڵەی سەرۆك جاشی پێشووی سەددامن و لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەڕلەمانی عێراق وەك پاڵێوراو ناویان بڵاوکرایەوە، لەسەرەتای ئەو مانگەدا کشانەوەی خۆیان لەهەڵبژاردن راگەیاند. (8919)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-02 بەشێك لە ئەندامانی پەڕلەمانی ئێراق لە شاری هەولێر لە باڵەخانەی پەڕلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان کۆبوونەوە. وابڕیار بوو زۆرینەی ئەندامانی پەڕلەمانی ئێراق لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربن بۆ گفتوگۆکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتی ئێراق و بەرزکردنەوەی بودجەی کوردستان، بەڵام ژمارەیەکی کەم نەبێت لە ئەندامانی پەڕلەمانی ئێراق بەشدارییان نەکرد. (8814)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-15 لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی پارتە کوردستانییەکان لە پەڕلەمانی کوردستان و بەئامادەبوونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بڕیاردرا کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوکدا. (8916)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-20 بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لەگەڵ بەئامادەبوونی 60 کورد لەگەڵ پەڕلەمانی بەریتانیا کۆبووەوە. کۆبوونەوەکە لەلایەن ڕوودی ڤیسی ئەندامی پەڕلەمانی بەریتانیاوە بەڕێوەبرا. (8959)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-07 سەرۆکی پەڕلەمانی ئێران ڕایگەیاند کە ئێران زۆر دڵنیایە لەوەی کە ئێراق دابەشناکرێت. (9038)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-10 وەزارەتی دەرەوەی داگیرکەری تورك ڕایگەیاند کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئێراق ڕێژەی ڕاستەقینە لە پەڕلەمانی ئێراقدا نوێنەرایەتی ناکەن چونکە ساختەکارییەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە بەتایبەتی لەلایەن کوردەوە و لە شاری کەرکوك. (9051)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-17 بەپێی دوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لیستی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی و هەندێك پارتی تر 104 کورسیی پەڕلەمانیان بەرکەوتووە و کۆمەڵی ئیسلامیش 6 کورسی و زەحمەتکێشان 1 کورسی. کۆی هەموو کورسییەکانی پەڕلەمانی کوردستان 111 کورسییە. (9061)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-22 کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بڕیاریدا کە لە پەڕلەمانی ئێراقدا بچێتە پاڵ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بەمەش ژمارەی کورسییەکانی کورد دەبێتە 77. (9081)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-15 کورد و شیعەی ئێراقی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە سەرۆکی پەڕلەمانی ئێراق ببێتە عەرەبێکی سوننە. (9153)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-15 پارتی دەهەپ بۆ ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە دیاربەکر - ئامەد، هەردوو جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیی بانگهێشتن کرد. شایانی باسە هەر بۆ ئاهەنگی نەورۆز سەرۆك کۆمار، سەرەك وەزیران و سەرۆکی پەڕلەمانی داگیرکەری تورکیش بانگهێشتن کراون. (9154)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-16 یەکەمین دانیشتنی پەڕلەمانی ئێراقی بەڕێوەچوو، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە تاوانەکەی هەڵەبجە کرا و جەلال تاڵەبانی بەناوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە وتارێکی خوێندەوە، شایانی باسە تەواوی کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی زیندوو وەردەگێڕدرایە سەر زمانی کوردی. هەروەها لە کاتی سوێندخواردندا پەڕلەمانتارانی کورد ڕازینەبوون بەتەنها بە عەرەبی سوێند بخۆن، بەڵکو جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە بەکوردی سوێند بخۆن، لە ئەنجامدا بە هەردوو زمان سوێندیان خوارد. (9161)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-03-28 د. بەرهەم ساڵح ڕایگەیاند: ئەگەر شیعە هێڵی سوورمان بۆ دابنێت، ئەوا ئێمەش لەگەڵ پەڕلەمانی خۆماندا چارەیەك لە بارودۆخی خۆمان دەکەین. (9192)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-04-00 کێشەی کوردەکانی خۆرئاوا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە لەلایەن پەڕلەمانی ئەوروپاوە. (9221)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-04-07 جەلال تاڵەبانی لە پەڕلەمانی ئێراقیدا سوێندی یاسایی خوارد. (9214)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-04-07 پەڕلەمانی کوردستان خۆیی هەڵوەشاندەوە و بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا خولی پەڕلەمانی نوێ دەستبەکاربێت. (9215)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-04-18 کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی لە دوکان، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ئەوەدرا کە پەڕلەمانی کوردستان ڕۆژی 14-04 لەیادی بۆردومانی قەڵادزێ یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات. (9231)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-04-21 کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە پیرمام، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری دواخستنی یەکەم دانیشتنی پەڕلەمان بۆ 30 ڕۆژی تر درا. (9241)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-04-30 فازیل میرانی ڕایگەیاند تاوەکو کێشەکانمان لەگەڵ یەکێتیدا چارەسەر نەکەین پەڕلەمانی کوردستان کۆنابێتەوە. (9251)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-05-00 کوردەکانی لوبنان لە بەیاننامەیەکدا داوای نوێنەرایەتییان لە پەڕلەمانی لوبناندا کرد. (9267)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-05-18 ژمارەیەك لە ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان کۆبوونەوە و نارەزاییان لەسەر کۆنەبوونەوەی پەڕلەمانی کوردستان دەربڕی. (9310)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-05-25 کۆمەڵێك پەڕلەمانتاران بۆ ماوەی 20 خولەك لە باڵەخانەی پەڕلەمانی کوردستان لە هەولێر مانیانگرت، وەك نارەزاییەك بۆ دواکەوتنی کۆبوونەوەی پەڕلەمان. (9318)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-05-31 کۆبوونەوەی هەردوو سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لە پیرمام، لەم کۆبوونەوەیەدا هەردوولا بڕیاریان لەسەر کۆبوونەوەی پەڕلەمان و دانانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا. (9330)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-06-04 پاش دوواکەوتنێکی زۆر، کۆبوونەوەی خولی دووەمی پەڕلەمانی باشووری کوردستان و سوێندخواردنی ئەندامەکانی، شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان د. ئەشرەف قازی ئامادەبوو و وتاری بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خوێندەوە. هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا ئاڵای ئێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم لە تەنیشت ئاڵای کوردستانەوە دانرا. (9347)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

*** ئەم دۆکومێنتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەی هاوڕێنامەوە درووستکراوە**
***ڕۆژ و کاتی دروستکردن: 2005-06-05 07:32:23**
***هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد**
***ڤێرشنی: 1.2.4**
***دانانی: هاوڕێ باخەوان**

**http://www.bakhawan.com**
**hawreh@bakhawan.com**